# هاوپەیمانی بۆ پاراستن لە کاری مرۆییدا

## تێبینی هونەری: مەبەست لە پاراستن، پاراستنی مندا انە لەماوەی ب اوبوونەوەی پەتای کۆرۆنادا )ن.[1]١)




## پێشەکی

نەخۆشیە گواستراوەکانی وەک ناسراو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەشێت ببنە هۆی شێواندنی ئەو ژینگانەی کە منداڵان تیایاندا گەورە دەبن و گەشە دەکەن. دەشێت شێواوی لە خێزانەکان و پەیوەندیەکانی هاوڕێیەتی و ڕۆتینەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگاکاندا دەرئەنجامی نەرێنی هەبێت بۆ خۆشگوزەرانیی منداڵان. سەرەڕای ئەوەش، ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەشێت منداڵان ڕووبەڕووی مەترسییەکانی پاراستن بکەنەوە. ڕێوشوێنەکانی دابڕینی تەندروستی (کەرەنتینە) لەناو ماڵ و لە دامەزراوەی تەندروستی و لەسەر ئاستی ناوچە و گۆشەگیربوون دەشێت هەموویان بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریان لەسەر منداڵان و خێزانەکانیان هەبێت.[٢]

مەبەست لەم پوختەیە پشتیوانیکردنی کارمەندان و پیادەکارانی بواری پاراستنی منداڵە بۆ باشتر بەدەنگەوەچوونی مەترسیەکانی پاراستنی منداڵ لەماوەی بڵاوبوونەوەی دا. بەشی یەکەم ئەو مەترسیانە دەخاتەڕوو کە ئەگەری هەیە بەهۆی

[١] تێبینی پێشنیارکراو: هاوپەیمانی بۆ پاراستنی منداڵ لە بواری کاری مرۆییدا، تێبینی هونەری: پاراستنی منداڵان لەماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنادا، نوسخەی ١، ئازار ٢٠١٩

ەوە منداڵان ڕووبەڕووی ببنەوە. بەشی دووەم بژاردە بەرنامەییەکان دەخاتەڕوو کە هاوتەریین لەگەڵ نزمترین پێوەرەکانی پارستنی منداڵ لە کاری مرۆییدا (ن.پ.پ.م)، و ڕێنوێنی کردارەکی: پاراستنی منداڵان لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گواستراوەکاندا.

## ١. پاراستنی منداڵان لە سیاقی ڤایرۆسی کۆرۆنادا

دەشێت ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر بەخێرایی ئەو ژینگە و دۆخە بگۆڕێت کە منداڵان تیایدا دەژین. ڕێوشوێنەکانی دابڕینی تەندروستی وەک داخستنی ناوەندەکانی خوێندن و ڕێگریکردن لە هاتوچۆ ڕۆتینی منداڵان و پشتیوانی کۆمەڵایەتی دەشێوێنن، لەکاتێکدا هۆکاری نوێی فشاری دەروونی لەسەر ئەو باوان و بەخێوکارانە دروست دەکەن کە لەوانەیە ناچارین بژاردەی نوێی چاودێریکردنی منداڵ بدۆزنەوە یاخود دەستبەرداری کارەکانیان ببن. لەکەداری و جیاکاریی پەیوەندیدار بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەشێت منداڵان دۆخناسکتر بکات بەرامبەر توندوتیژی و ناڕەحەتی دەروونی کۆمەڵایەتی. ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکان دەگیرێنەبەر و تیایاندا ڕەچاوی پێویستیە تایبەتەکان بۆ هەر ڕەگەزێک و دۆخناسکیەکانی ژنان و کچان ناکرێت، دەشێت مەترسیەکانی پاراستنیان زیاتر بکەن و ببنە هۆی میکانیزمی هەڵکردنی نەرێنی. ئەو منداڵ و خێزانانەی خۆیان لە بنەڕەتدا بەهۆی بێبەشبوون و دابڕاویی کۆمەڵایەتی ئابووریەوە دۆخناسکن، یاخود لە شوێنە زۆر قەرەباڵغەکاندا دەژین زیاتر دەکەونە مەترسییەوە.

### ١.١ کاریگەریە کۆمەڵایەتی ژینگەییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا



## ١.٢ مەترسیەکانی سەر پاراستنی منداڵ

ئەم مەترسیانەی پاراستنی منداڵ کە لەخوارەوە نووسراون، هەندێکیان لەم بڵاوبوونەوەیەی ئێستای ڤایرۆسی کۆرۆنادا تێبینی کراون و هەندێکیشیان ئەو مەترسیانەن کە ئەگەریان هەیە بێنە کایەوە و لە ڕابردوودا لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گواستراوەکاندا تێبینی کراون.

| ئەو مەترسیانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێوشوێنە پەیوەندیدارەکانی کۆنترۆڵکردنەوە دروست دەبن | هۆکارەکانی مەترسیەکان |
|---|---|
| **مەترسیەکانی پاراستنی منداڵ: مامەڵەی نەشیاوی جەستەیی و عاتفی** | |
| • کەمبوونەوەی سەرپەرشتیکردن و پشتگوێخستنی منداڵان<br>• زیادبوونی مامەڵەی خراپ بەرامبەر منداڵان و توندوتیژی خێزانی/نێوان کەسەکان.<br>• ژەهراوی بوون و مەترسیەکانی دیکەی و برینداربوون و پێکران لەسەر منداڵان.<br>• دروستبوونی فشاری زۆر لەسەر دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی پاراستن یاخود دەستڕانەگەیشتن پێیان. | • داخستنی ناوەندەکانی خوێندن/چاودێریکردنی منداڵ، بەردەوامیی ئەرکی پیشەیی لەسەر شانی بەخێوکاران، نەخۆشی، دابڕینی تەندروستی/گۆشەگیریی بەخێوکاران.<br>• زیادبوونی نارەحەتی دەروونی کۆمەڵایەتی لەناو چینی بەخێوکاران و ئەندامانی کۆمەڵگادا.<br>• بەردەستبوون و خراپ بەکارهێنانی پاکژکەرەوە ژەهراویەکان و خواردنەوە کحولیەکان.<br>• زیادبوونی بەربەستەکانی ڕاپۆرتدان و ئاگادارکردنەوە دەربارەی ڕووداوەکان. |
| **مەترسی پاراستنی منداڵ: توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی** | |
| • مەترسیی ڕوولەزیادبووی ئیستیغلالکردنی سێکسی منداڵان، بە پێشکەشکردنی هاوکاریەوە بەرامبەر سێکس و ئیستیغلالکردنی سێکسی منداڵان بە مەبەستی بازرگانی و هەروەها هاوسەرگیری منداڵان بە زۆرەملێ.<br>• فشاری زۆر لەسەر خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی منداڵ/توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، یاخود دەستڕانەگەیشتن بەو خزمەتگوزاریانەدا. | • داخستنی ناوەندەکانی خوێندن/چاودێریکردنی منداڵ، بەردەوامیی ئەرکی پیشەیی لەسەر شانی بەخێوکاران، نەخۆشی، دابڕینی تەندروستی/گۆشەگیریی بەخێوکاران.<br>• زیادبوونی نارەحەتی دەروونی کۆمەڵایەتی لەناو چینی بەخێوکاران و ئەندامانی کۆمەڵگادا.<br>• بەردەستبوون و خراپ بەکارهێنانی پاکژکەرەوە ژەهراویەکان و خواردنەوە کحولیەکان.<br>• زیادبوونی بەربەستەکانی ڕاپۆرتدان و ئاگادارکردنەوە دەربارەی ڕووداوەکان. |

| ئەو مەترسیانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێوشوێنە پەیوەندیدارەکانی کۆنترۆڵکردنەوە دروست دەبن | هۆکارەکانی مەترسیەکان |
| --- | --- |
| **مەترسی پاراستنی منداڵ: تەندروستی مێشک و ناڕەحەتی دەروونی کۆمەڵایەتی** | |
| • ناڕەحەتی منداڵان بەهۆی مردن، نەخۆشی یاخود دابڕان لە کەسێکی خۆشەویستیان یاخود ترسان لە نەخۆشیەکە.<br>• خراپتربوونی بارودۆخی ئەو کەسانەی پێش ئەم دۆخە دژوارە کێشەی تەندروستی مێشکیان هەبووە.<br>• فشاری زۆر لەسەر خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی مێشک و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی یاخود دەسترانەگەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە. | • بەزبوونەوەی ئاستی فشاری دەروونی بەهۆی گۆشەگیربوون لەناو یەکەکانی چارەسەرکردن یاخود دابڕینی تەندروستی ناوماڵدا.<br>• ئەو منداڵ و باوان/بەخێوکارانەی پێشتر کێشەی تەندروستی مێشکیان هەبووە، دەشێت نەتوانن دەستیان بەو پشتیوانی و چارەسەرانە بگات کە پێشتر بەشێوەیەکی ئاسایی دەستیان پێیان گەیشتووە.<br>• گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی دابڕینی تەندروستی دەشێت ترس و شڵەژان لە کۆمەڵگا و بەتایبەت لەناو منداڵاندا دروست بکات، ئەگەر تێگەیشتنیان نەبێت بۆ ئەو شتانەی ڕوودەدەن. |
| **مەترسی پاراستنی منداڵ: کارکردنی منداڵان** | |
| • بەشداریکردنی زیاتری منداڵان لەو کارانەدا کە مەترسیدارن یاخود ئیستیغلالکردنیان تێدایە. | • لەدەستدان یاخود کەمبوونەوەی داهاتی خێزان<br>• دەرفەت یاخود پێشبینیکردنی کارکردن بەهۆی داخستنی ناوەندەکانی خوێندنەوە. |
| **مەترسی پاراستنی منداڵ: منداڵانی بێ سەرپەرشت و دابڕاو** | |
| • دابڕان<br>• بێ سەرپەرشت بوون یاخود سەرۆکایەتیکردنی خێزان لەلایەن منداڵەوە.<br>• دانانی منداڵ لە دامەزراوەکانی بەخێوکاریدا. | • لەدەستدانی باوان/بەخێوکاران بەهۆی نەخۆشیەوە.<br>• گۆشەگیربوون/دابڕینی تەندروستی بەخێوکاران بەجیا لە منداڵان.<br>• ناردنی منداڵان لەلایەن باوانەوە بۆلای خێزانەکانی دیکەی خانەوادەکە لەو ناوچانەدا کە نەخۆشیەکەی تێدا بڵاونەبووەتەوە. |
| **مەترسی پاراستنی منداڵ: بێبەشکردنی کۆمەڵایەتی** | |
| • لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی تووشبوو یاخود ئەو کەس و گروپانەی گومانی توشبوونیان لێدەکرێت.<br>• مەترسی ڕوولەزیادبوو/پشتیوانی سنووردار بۆ ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان دەژین/کاردەکەن و بۆ ئەو منداڵانەی خۆیان لە بنەرەتدا لەمەترسیدابوون.<br>• مەترسی ڕوولەزیادبوو/پشتیوانی سنووردار بۆ ئەو منداڵانەی لە ململانێدان لەگەڵ یاسادا، بە منداڵانی ڕاگیراویشەوە. | • بەزبوونەوەی ئاستی فشاری دەروونی بەهۆی گۆشەگیربوون لەناو یەکەکانی چارەسەرکردن یاخود دابڕینی تەندروستی ناوماڵدا.<br>• ئەو منداڵ و باوان/بەخێوکارانەی پێشتر کێشەی تەندروستی مێشکیان هەبووە، دەشێت نەتوانن دەستیان بەو پشتیوانی و چارەسەرانە بگات کە پێشتر بەشێوەیەکی ئاسایی دەستیان پێیان گەیشتووە.<br>• گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی دابڕینی تەندروستی دەشێت ترس و شڵەژان لە کۆمەڵگا و بەتایبەت لەناو منداڵاندا دروست بکات، ئەگەر تێگەیشتنیان نەبێت بۆ ئەو شتانەی ڕوودەدەن. |

## ٢. بەدەنگەوەچوون بۆ پاراستنی منداڵ

داکۆکیکاری لەگەڵ حکومەت و هەماهەنگی لەگەڵ کەرتەکانی دیکە و دانانی پرۆگرامی تایبەت بە منداڵ پارێزی بریتیەن لە کارە لەپێشینە سەرەکیەکان لەماوەی بەدەنگەوەچووندا بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

### ٢.١ کارکردن لەهەموو کەرتەکاندا و لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتەکاندا

وەک لە نزمترین پێوەرەکانی پاراستنی منداڵدا (ن.پ.پ.م) ڕۆشنایی خراوەتەسەر، "ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گواستراوەکان و بەدەنگەوەچوون بۆ ئەو دۆخە، پێویستی بە تەنسیقکردن و هەماهەنگیی نزیک هەیە لەنێوان چەندین سێکتەردا." بەدەنگەوەچوونێکی فرە سێکتەر (آ) زامنی ئەوە دەکات کە پێویستیەکانی منداڵان و بەخێوکاران بەشێوەیەکی گشتگیرانە پڕدەکرێنەوە و (ب) دەبێتە هۆی دەرئەنجامی باشتر بۆ منداڵان. پێویستە ئەو لایەنانەی لەبواری پاراستنی منداڵدا کاردەکەن هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕابەرانی ئاینی و کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاوبگرن. پێویستە دەستتێوەردانە فرە کەرتەکان لەپێشینەیی بدەن بە:

- ڕێوشوێنە ستانداردەکانی بەبەڵگەنامەکردن و ڕەوانەکردنی ئەو کەیسانەی منداڵان کە دەشێت پێویستیان بە بەدواداچوون هەبێت؛
- پرۆتۆکۆڵی ڕوون بۆ ڕێگریکرن/کەمکردنەوەی لێکدابڕانی خێزانەکان و جۆرەکانی دیکەی مەترسیەکانی پاراستنی منداڵ؛
- کەمکردنەوەی لەکەدارکردن و بێبەشبوونی کۆمەڵایەتی کە دەشێت لە ئەنجامی نەخۆشیەکەوە ڕووبدەن؛ وە هەروەها
- بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕوون و ڕێکخراو و منداڵدۆست لە کۆمەڵگادا دەربارەی ئەو مەترسی و دۆخناسکیانەی تایبەتن بە منداڵان کە پەیوەندیان بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەوە هەیە.

لە کارکردنیان لەگەڵ حکومەتدا، پێویستە لایەنەکانی پاراستنی منداڵ داکۆکیکاری بکەن بۆ زامنکردنی ئەوەی کە ڕێوشوێنە جێبەجێکراوەکانی بەگژداچوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاوتەریبن لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتیەکان و ئامۆژگاریەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و هەروەها ڕێوشوێنەکان لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ دارێژراون و جیاکاریان تێدانیە و گونجاون.

ئەمانەی خوارەوە هەنگاوە کردارەکیە لەپێشینەکانن بۆ کارکردن لە هەموو کەرتەکان و لەگەڵ حکومەتدا بە ئامانجی بەدەنگەوەچوونێکی ڕەچاوکاری پاراستنی منداڵ.

**تەندروستی** (ن.پ.پ.م پێوەری ٢٤)

- داکۆکیکاری بۆ دەستڕاگەیشتنی منداڵانی دۆخناسک و خێزانەکانیان بە چاودێری تەندروستی (ئەگەر جیهانی نەبێت).
- هەماهەنگیکردن بۆئەوەی هەڵسەنگاندنەکانی کەرتی تەندروستی و ئامرازەکانی چاودێریکردن نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ لەخۆبگرن.

- دروستکردنی ڕێوشوێنی ستانداردی هاوبەش بۆ بەبەڵگەنامەکردن و ڕەوانەکردنی کەیسی منداڵان لەنێوان خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی منداڵ و تەندروستیدا بۆ زامنکردنی ئەوەی منداڵان بەخێوکاریەکی سەلامەت و گونجاو و خێزانییان پێشکەش بکرێت، ئەگەر لە خێزانەکانیان دابڕابوون.
- داکۆکیکاری بۆ ڕێوشوێنی ڕوون و منداڵدۆستی وەرگرتن و ڕادەستکردنەوەی منداڵان، بۆ برەودان بە یەکگرتوویی خێزان و کەمکردنەوەی مەترسیی دابڕان.
- ئاسانکاری بۆ پەیوەندیگرتنی سەلامەت و بەردەوام لەنێوان منداڵان و باوان/بەخێوکارەکانیان کە بۆ ماوەیەکی کاتی لێکجیاکراونەتەوە.

- هەماهەنگیکردن بۆ زامنکردنی ناوەندی تەندروستی منداڵدۆست/ دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی، بە ڕێنوێنییەوە بۆ کارمەندانی تەندروستی دەربارەی پەیوەندیگرتنی منداڵدۆستانە و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ پشتیوانیکردنی خۆشگوزەرانی دەروونی کۆمەڵایەتی منداڵان کاتێک لەژێر چارەسەردان یاخود لە دابڕینی تەندروستیدان.

- پشتیوانیکردنی خولی ڕاهێنانی پاراستنی منداڵان بۆ کارمەندانی تەندروستی (بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە منداڵان لە خێزان یاخود بەخێوکارەکانیان جیاکراونەتەوە).
- دامەزراندنی شێواز و میکانیزمی گونجاو لەگەڵ منداڵاندا بۆ سکاڵاکردن و پێدانەوەی ڕاوسەرنج لە ناوەندە تەندروستیەکاندا.

- بەهێزکردنی توانا لە بەڕێوەبردنی نۆرینگەییدا بۆ لاقەکردن (ب.ن.ل) و زامنکردنی بەردەستبوونی نزمترین ئامڕاز و کەرەستەکانی (ب.ن.ل) لە ناوەندە سەرەکیەکاندا بۆ بەدەنگەوەچوونی گونجاو و ڕێکوپێکی توندوتیژی سێکسی.

- هەماهەنگیکردن لە بواری چاودێری تەندروستی مێشک/بیری و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتیدا و بڵاوکردنەوەی پەیام بۆ منداڵان و بەخێوکارانی کارتێکراو بە  ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- لە پلانی دۆخە کتوپڕەکاندا لەماوەی بڵاوبوونەوەی  ڤایرۆسی کۆرۆنادا ڕێوشوێنی پاراستنی منداڵان بەشێکبێت لە پلانەکان.
- زامنکردنی ئەوەی بابەتەکانی زانیاری و فێرکردن و پەیوەندیگرتن، بە زانیاری دەربارەی خزمەتگوزاریە بەردەستەکانیشەوە، بەرهەمدەهێنرێن و دەخرێنە بەرچاو و لەو نوسخانەشدا کە بۆ منداڵان دروست دەکرێن پێویستە نووسینێکی کەمیان تێدابێت و منداڵدۆست بن.

**ئاو و ئاوەڕۆ و پاکژی** (ن.پ.پ.م پێوەری ٢٦)

- هەماهەنگیکردن بۆ زامنکردنی دەستەبەربوونی شوێنی دەستشۆردنی منداڵدۆست لە هەموو ناوەندە تەندروستیەکان و قوتابخانەکان و سەنتەرەکانی چاودێریکردنی منداڵان و خانەکانی بەخێوکاریی جێگرەوە و هەموو ئەو شوێنانەی دیکە کە ئەگەری هەیە منداڵان سەردانی بکەن.
- هەماهەنگیکردن بۆ دەستەبەرکردنی چالاکی برەودان بە پاکژی کە سەلامەت و منداڵدۆست بن، پێش کاتی بڵاوبوونەوە و لەماوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گواستراوەکاندا، بە دروستکردنی ئەو پۆستەر و وێنەزانیاریانەوە کە ئامانجیان منداڵان و باوان/بەخێوکاران و مامۆستایانە.

- هەماهەنگیکردن لە وردبینی و پشکنینی سەلامەتیدا بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی هەر پێویستیەکی سەلامەتی لە ناوەندەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پاکژیدا.

**خۆراک** (ن.پ.پ.م پێوەری ٢٥)

- زامنکردنی ئەوەی ئەو منداڵ و خێزانانەی لە دابڕینی تەندروستی یان خۆدابڕی یاخود ناوەندە تەندروستیەکاندان، دەستیان بە هاوکاریی خۆراکیی پێویست ڕادەگات.
- هەمانەنگیکردن لە وردبینی و پشکنینی سەلامەتیدا بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی هەر پێویستیەکی سەلامەتی لە ناوەندە خۆراکیەکاندا.

**فێرکردن** (ن.پ.پ.م پێوەری ٢٣، لیستی پێویستیەکان بەپێی تۆڕی نێوڕێکخراوەیی بۆ فێرکردن لە دۆخە کتوپڕەکاندا)

- کەمکردنەوەی زیانی شێوان و داخستنی ناوەندەکانی خوێندن لەڕێی بەکارهێنانی شێوازەکانی فێرکردنی دووربەدوور، وەک فێرکردن لەڕێی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ئینتەرنێتەوە.
- داکۆکیکاری لەگەڵ حکومەت و خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەتدا بۆ کارسازیکردن بۆ خۆشکاری لە کارکردندا بۆ ئەو باوان و بەخێوکارانەی دەشێت دەستیان بە خزمەتگوزاریەکانی چاودێریکردن ڕانەگات، تاکو بتوانن بەردەوامبن لە چاودێریکردن و بەخێوکردن و فێرکردنی منداڵەکانیان.
- کارکردن لەگەڵ قوتابخانەکاندا بۆ زامنکردنی گەیاندنی پەیامەکانی پاراستن و سەلامەتی بە باوان و منداڵان بەشێوازێک کە شڵەژان و نارەحەتی کەم بکاتەوە و دڵنیاییان بداتێ و هانیان بدات بۆ پابەندبوون بە پەیام و ڕێنماییە تەندروستیەکانەوە.
- ڕاهێنانی فێرکاران و مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی قوتابخانەکان لەبواری نیشانەکانی نارەحەتی تاکو بتوانن ئەو منداڵانە بناسنەوە و دەستنیشانیان بکەن و ڕەوانەیان بکەن کە دەشێت کێشەی تایبەت بە پاراستنی منداڵیان هەبێت.
- زامنکردنی ئەوەی مامۆستایان و خۆبەخشان زانیاری و کارامەیی پێویستیان هەیە دەربارەی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، و ڕێگریکردن لە ئیستیغلالکردن و مامەڵەی خراپی سێکسی، و پاراستنی منداڵ، و پیادەکاریە سەلامەتەکانی ڕەوانەکردن.
- پشتیوانیکردنی دروستکردن و جێبەجێکردنی بەرفراوانی میکانیزمە منداڵدۆستەکانی سکاڵاکردن و پێدانەوەی ڕاوسەرنج لە قوتابخانەکان و ناوەندەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکردندا.
- دروستکردن، پەخشکردن یان نیشاندانی کۆمەڵێک پەیام لە قوتابخانەکاندا دەربارەی پاراستنی منداڵ و خزمەتگوزاریە بەردەستەکان، بە بەڕێوەبردنی حاڵەت و دۆزینەوەی شوێنی خێزان و یەکخستنەوەی ئەندامانی دابڕاو لەگەڵ خێزانەکانیاندا.
- کارکردن لەگەڵ لایەنەکانی پەروەردە و فێرکردندا بۆ چارەسەرکردنی لەکەدارکردن و دابڕاویی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا.

## ٢.٢ پرۆگرامە تایبەتەکان بە پاراستنی منداڵان

ئایا چ کارێکی دیکە پێویستە بۆ تەواوکاریی ئەو کارانەی لە (نزمترین پێوەرەکانی پاراستنی منداڵ لە کاری مرۆییدا) و لە (ڕێنماییە کردارەکیەکان: پاراستنی منداڵ لەماوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گواستراوەکاندا) هەن، بۆ پاراستنی منداڵان لەماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا؟ سەرەڕای بنەبڕکردنی مەترسیەکان، ئێمە پێویستە زیاتر لەسەر خاڵە بەهێزەکان و میکانیزمە ئەرێنیەکانی هەڵکردنی کۆمەڵگا و خێزانەکان و بەخێوکاران و منداڵان بنیادبنێین.

| کارە لەپێشینەکان لە پاراستنی منداڵدا | |
|---|---|
| **هەنگاوەکانی ئامادەباشی** | **هەنگاوەکانی بەدەنگەوەچوون** |
| **ستراتیجی پاراستنی منداڵ: چالاکی بەکۆمەڵ و تاکەکەسی بۆ خۆشگوزەرانیی منداڵان** (ن.پ.پ.م پێوەری ١٠ و ١٥) | |
| • بە ڕاوێژکاری لەگەڵ کەس و لایەنەکانی دیکەدا، ڕێگا و شێوازە جێگرەوەکانی پشتیوانیکردنی تەندروستی مێشک و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی و چالاکیە فێرکاریە جێگرەوەکان بۆ منداڵان دەستنیشان بکە.<br>• ڕاوێژ بە منداڵان و هەرزەکاران، بە کچانیشەوە، بکە و ڕاوبۆچوونیان وەربگرە لە داڕشتنی دەستپێوەردانەکاندا. | • ڕاهێنانی کارمەندانی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی مێشک و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی دەربارەی مەترسیەکانی پاراستنی منداڵ کە پەیوەندیان بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە هەیە.<br>• دەستنیشانکردنی ستراتیجی بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان، بەتایبەت ئەو منداڵانەی لە دابڕینی تەندروستیدان.<br>• ئەنجامدانی هۆشیارکردنەوەی دووراودووری گونجاو بەپێی تەمەن و ڕەگەز.<br>• گونجاندنی ڕێگا بەردەستەکانی ڕەوانەکردن. |
| **ستراتیجی پاراستنی منداڵ: بەهێزکردنی خێزان و ژینگەی بەخێوکاری** (ن.پ.پ.م پێوەری ١٦) | |
| • کاکردن لەگەڵ منداڵان و بەخێوکاران و لایەنە بەشدارەکاندا بۆ تێگەیشتن لە باوەڕ و پیادەکاریە کەلتوریەکان کە دەشێت منداڵان بپارێزن یاخود بیانخەنە مەترسیەوە.<br>• دەستنیشانکردنی دەرفەتەکانی هۆشیارکردنەوە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر گرنگیی پەیوندیەکانی نێوان منداڵان و باوان کە لەسەر بنەمای بەدەنگەوەچوونە.<br>• دروستکردنی پلانێکی نیوریێکخراوەیی، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکاندا، بۆ بەهێزکردنی بەخێوکاریی منداڵانی دۆخناسک. | • دەستەبەرکردنی پشتیوانی ئامانجدار بۆ سەنتەرەکانی چاودێریکردنی کاتی و خێزانەکان، بەو خێزانانەشەوە کە منداڵ سەرۆکایەتیان دەکات، بۆ پشتیوانیکردنی منداڵان لەڕووی عاتفیەوە و بەشدارکردنیان لە گرنگیدانی گونجاو بە خود.<br>• دەستەبەرکردنی هاوکاریی دارایی و شمەک (پارە یاخود شمەکی ناخۆراکی) بۆ ئەو خێزانانەی کە دەرفەتی پەیداکردنی داهاتیان کارتێکراوە بەهۆی دۆخەکەوە.<br>• هاندان و دروستکردنی دەرفەتی سەلامەت بۆ پشتیوانیکردنی پەیوەندی ڕۆتینی بەردەوام لەنێوان منداڵان و ئەو ئەندامانی خێزان کە دابڕاون.<br>• کارکردن لەگەڵ کەرتەکانی دیکە، بە حکومەتیشەوە، بۆ دانانی هەندێک ڕێوشوێنی ڕێگریکردن لە لێکدابڕانی ئەندامانی خێزان. |

| کارە لەپێشینەکان لە پاراستنی منداڵدا | |
|---|---|
| **هەنگاوەکانی ئامادەباشی** | **هەنگاوەکانی بەدەنگەوەچوون** |
| **ستراتیجی پاراستنی منداڵ: ڕێگاکان بەپێی ئاستی کۆمەڵگای ناوخۆیی** (ن.پ.پ.م پێوەری ١٧) | |
| • کارکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا بۆ دروستکردنی هەندێک پەیامی منداڵدۆست دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و مەترسیە پەیوەندیدارەکان و ڕێگاکانی ڕەوانەکردن.<br>• دەستنیشانکردنی ستراتیجی خۆشکار بۆ پەیوەندیگرتنی دووراودوور لەگەڵ کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا.<br>• ئەنجامدانی چالاکی لەگەڵ کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا بۆ کۆتاییهێنان بە لەکەدارکردن و برەودان بە میکانیزمە سەلامەتەکانی هەڵکردن و پشتیوانیکردنی خەڵکانی کارتێکراو.<br>• کارکردن لەگەڵ ڕابەرە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ گونجاندنی پیادەکاریە نەریتیەکان، ئەگەر پێویست بێت (وەک، سلاوکردن و پرسە و مردوو ناشتن و هتد.) | • کارکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا بۆ دروستکردنی هەندێک پەیامی منداڵدۆست دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و مەترسیە پەیوەندیدارەکان و ڕێگاکانی ڕەوانەکردن.<br>• دەستنیشانکردنی ستراتیجی خۆشکار بۆ پەیوەندیگرتنی دووراودوور لەگەڵ کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا.<br>• ئەنجامدانی چالاکی لەگەڵ کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا بۆ کۆتاییهێنان بە لەکەدارکردن و برەودان بە میکانیزمە سەلامەتەکانی هەڵکردن و پشتیوانیکردنی خەڵکانی کارتێکراو.<br>• کارکردن لەگەڵ ڕابەرە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ گونجاندنی پیادەکاریە نەریتیەکان، ئەگەر پێویست بێت (وەک، سلاوکردن و پرسە و مردوو ناشتن و هتد.) |
| **ستراتیجی پاراستنی منداڵ: بەڕێوەبردنی کەیس** (ن.پ.پ.م پێوەری ١٨) | |
| • پێداچوونەوە یان دروستکردنی ڕێوشوێنە ستانداردەکانی هەڵسوران لەگەڵ کەرتی تەندروستی و کەرتەکانی دیکە، بۆ زامنکردنی دەسنیشانکردن و ڕەوانەکردنی سەلامەتی ئەو منداڵانەی لە مەترسیدان.<br>• داڕشتنی کۆمەڵێک میکانیزم بۆ زامنکردنی ئەوەی ئەو کۆمەڵگا ناوخۆییانەی ڕووبەڕووی ڕێگریکردن لە هاتوچۆ دەبنەوە، بەردەوام دەستیان بە بەخێوکاریی منداڵدۆست و گشتگیردا ڕابگات بۆ ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.<br>• دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی دۆخی بێبەشبوونیان زیاتر دۆخناسکیان دەکات (وەک ئەو منداڵانەی بەخێوکاریی خێزانیان بۆ دەستەبەر نەکراوە، منداڵانی پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی، کۆچەران یاخود منداڵانی بێ ناسنامە، ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان دەژین/کاردەکەن، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و هتد.) | • پێداچوونەوە یان دروستکردنی ڕێوشوێنە ستانداردەکانی هەڵسوران لەگەڵ کەرتی تەندروستی و کەرتەکانی دیکە، بۆ زامنکردنی دەسنیشانکردن و ڕەوانەکردنی سەلامەتی ئەو منداڵانەی لە مەترسیدان.<br>• داڕشتنی کۆمەڵێک میکانیزم بۆ زامنکردنی ئەوەی ئەو کۆمەڵگا ناوخۆییانەی ڕووبەڕووی ڕێگریکردن لە هاتوچۆ دەبنەوە، بەردەوام دەستیان بە بەخێوکاریی منداڵدۆست و گشتگیردا ڕابگات بۆ ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.<br>• دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی دۆخی بێبەشبوونیان زیاتر دۆخناسکیان دەکات (وەک ئەو منداڵانەی بەخێوکاریی خێزانیان بۆ دەستەبەر نەکراوە، منداڵانی پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی، کۆچەران یاخود منداڵانی بێ ناسنامە، ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان دەژین/کاردەکەن، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و هتد.) |
| **ستراتیجی پاراستنی منداڵ: بەخێوکاریی جێگرەوە** (ن.پ.پ.م پێوەری ١٩) | |
| • دەستنیشانکردن و ڕاهێنان و ڕابەریکردنی لایەنە ناوخۆییەکانی بواری تەندروستی لە ڕێگریکردندا لە لێکدابڕانی خێزان و | • داڕشتنی کارسازی بۆ بەخێوکاریی جێگرەوەی خێزانی (کە واباشترە بەخێوکاریی خزمانی جێگرەوەبێت). |

| کاره لەپێشینەکان لە پاراستنی منداڵدا | |
|---|---|
| **هەنگاوەکانی ئامادەباشی** | **هەنگاوەکانی بەدەنگەوەچوون** |
| دەستنیشانکردن و ڕەوانەکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت و دابڕاو لە خێزان.<br>• دەستنیشانکردن و ڕاهێنانی ژمارەیەک کەس لە هەموو کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا کە شیاون و شوێنی گونجاویان هەیە بۆ چاودێریکردنی منداڵان بێ سەرپەرشت و دابڕاو لە خێزان لە حاڵەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا.<br>• بینادنانی توانای سیستەمەکان بۆ ڕێگریکردن لە لێکدابڕانی خێزان و بەشداربوون لە دۆزینەوەی شوێنی خێزان و یەکخستنەوەی خێزان و دەستەبەرکردنی بەخێوکاریی جێگرەوەی خێزانی بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت و دابڕاو لە خێزان. | • زامنکردنی ئەوەی ئەو منداڵانەی لە بەخێوکارەکانیان دابڕاون، دەرفەتی بەردەوامیان هەبێت بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵیاندا.<br>• خۆبەدوورگرتن لە پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی کە دەشێت بەبێ مەبەست هانی خێزان بدات بۆ پشتگوێخستن یاخود جێهێشتنی منداڵەکانیان.<br>• کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تۆمارکردن بۆ ڕێگریکردن لە دابڕانی ماوەدرێژ و ئاسانکاری بۆ یەکخستنەوەی ئەندامانی خێزان. |

## ٣. سەرچاوەکان

| | |
|---|---|
| **مێنیوی سەرچاوەی بواری بەرپرسیارێتی پاراستنی منداڵ بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا** | کۆکراوەیەک لە سەرچاوەکانی پاراستنی منداڵ کە پەیوەندیان بە بەدەنگەوەچوونی دۆخی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هەیە |
| ***پەیام و هەنگاوە سەرەکیەکان بۆ ڕێگریکردن و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو قوتابخانەکاندا.*** | ڕێنوێنیی هەڵسوڕان دەربارەی پاراستنی منداڵان و قوتابخانەکان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| ***لاپەڕەی سەرچاوەکانی تۆڕی نێورێکخراوەیی بۆ فێرکردن لە دۆخە کتوپڕەکاندا دەربارەی ڤایرۆسی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا*** | کۆکراوەیەک لە سەرچاوەکان بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا و فێرکردن لە دۆخە کتوپڕەکاندا |
| ***تێبینیەکانی پوختەی زانیاری تایبەت بە گروپی سەرچاوەیی لیژنە هەمیشەییە نێورێکخراوەییەکان دەربارەی لایەنی تەندروستی مێشک و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا*** | پوختەیەکی زانیاری دەربارەی لایەنەکانی تەندروستی مێشک و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠١٩دا. |